# لەبەرامبەر دەستگیرکردنی زمناکۆ عەزیز و هاورێکانیو گشت زیندانە سیاسیەکاندا دەنگی ناڕەزایەتی بەرزبکەنەوە!

زمناکۆ عەزیز ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراق و یەکیك لە سازدەرانی بەرجەستەو ناسراوی نارەزایەتی و خۆپیشاندانی خەلکی شارەکانی کوردستان، بۆ بەدی هینانی خۆاستەکانی خەلك وراوەستانەوە بەدژی گەندەلی، لەرۆژی 8/7 دا لەشاری سلیمانی لەگەل چەند هاورێیەکی دا لەوانە سەعید مستەفا، وەستا حسین، بەلین ئیسماعیل و ئەکرەم چاوشین ومامۆستا هونەر عەلی، لەلایەن دەزگاکانی ئاسایشی یەکیتی نیشتمانیەوە دەستگیر دەکرێ وپاشان راپیچی زیندان دەکرێ..

بەلام ئەمە یەکەمجار نیە کە زمناکۆ عەزیز دەستگیر وزیندانی دەکری، بەلکو لەچەند مانگی رابردوودا و لەگەل سەرهەلدان وهاتنە پیشەوەی نارەزایەتیەکانی خەلکی کوردستاندا چەندین جار لەلایەن دەزگای ئاسایشەوە بەتومەتی ریکخستن وهاندانی نارەزایەتی جەماوەری گیراوە و راپیچی زیندان کراوە. بەرنامەی خەبات و تیکۆشانی زمنا کۆ عەزیز و کادران و ئەندامانی حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراق تەنها ئەوەیە کە بەرژەوەندیەکانی خەلکی کریکارو زەحمەتکیش وهەق خوازی کوردستان نوینەرایەتی بکەن و لەپیناو بەدی هینانی خۆاستەکانیان و بۆباشبوونی ژیان و گوزەرانیان دا تیبکۆشن و بەشیوەیەکی شارستانیانەو خەلکی کوردستان بۆ خۆاستە بەرهەقەکانیان بهیننە مەیدانەوە. بەلام ئەوە یەکیتی نیشتمانی و دەزگا سەرکوت گەرەکانیەتی کە لەترسی پەرەگرتنی نارەزایەتی جەماوەری خەلك و خۆلادان لەخۆاستەکانیان بەردەوام ریگای گرتن و زیندانی کردنی رابەران و هەلسووراوانی بزوتنەوەی جەماوەری گرتۆتەبەر، گوایە لەم ریگایەوە ئەتوانی سەرکوتی کۆمەلانی خەلکی هەژار و بیدەرەتان بکا و بەبی وەلامدانەوە بەخواستەکانیان بیان نیریتەوە مالەوە! بەلام رووداوەکانی کەلار و کفری و چەمچەمال ئەم هەولە سەرکوتگەریەی یەکیتی نیشتمانی و دەزگاکانی ئاسایشی بیمایە دەرهینا.

حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق گرتن و زیندانی کردنی زمناکۆ عەزیزو هاوڕێیانی و هەموو ئەوانەی لەخۆپیشاندان و نارەزایەتیەکاندا دەستگیرکراون ئیدانە دەکاو بەپیشیلکاریەکی ئاشکرای ئازادی خۆپیشاندان و نارەزایەتی دەربرین و زەوتکردنی مافی موخالف بونی سیاسی دەیناسینی. هاوکات حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراق داوادەکات کەیەکیتی نیشتمانی دەست بەجی زمناکۆ عەزیز و سەرجەم ئەندامانی حیزب وهەموو گیراوەکانی نیو ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانەکانی خەلك ئازاد بکا و چیتر لەبەرامبەر بزوتنەوەی هەقخوازانەی خەلکی شارەکانی کوردستاندا دەست نەبات بۆ گرتن و راو نان و تەقەکردن لەخۆپیشاندانی خەلك.

ئیمە لیرەدا داوا لەسەر جەم خەلکی ئازادی خوازی کوردستان و دەرەوە و هەموو ریکخراوە و حیزب و لایەنە سیاسی و ئیسانیەکان دەکەین کە لەبەرامبەر ئەم دەستدریژیانەی یەکیتی نیشتمانیدا بۆسەر خەلك و ئازادی خۆپیشاندان و نارەزایەتی دەربرین، بیدەنگ نەبن وبەهەرشیوەیەك بۆیان دەکری دەنگی نارەزایەتی بەرووی یەکیتی نیشتمانی و بەرپرسیارانیاندا بەرزبکەنەوە و داوای دەست بەجی ئازادکردنی زمناکۆ عەزیزو هاوڕییانی و ئەندامانی کۆمەلەی بەمەدەنیکردنی کەلارو سەرجەم گیراوەکان بەرزبکەنەوە..

**ریکخراوی کوردستان**

**حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق**

2006/8/9